# RÖSTA 13 SEPT

**کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکان دەنگ نەدەن، دیموکراسی لاواز دەبێت،لە یۆتەبۆری و ڕۆژئاوای سوید جیاوازییەکی زۆر لە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە.**

سوید ١٠٠ ساڵە مافی دەنگدانی گشتی هەیە، دەنگی خۆت بەکاربهێنە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەبێت.
دەنگ بدە بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر بۆ خۆت و خێزانەکەت.
تۆ هەمیشە بە نهێنی  دەنگ دەدەیت ، کەس ناتوانێت بزانێت تۆ دەنگت بە کێ داوە.

**دەنگی تۆ گرنگە و**
**گۆڕانکاری دروست دەکات!**

- ئەگەر بۆ ماوەی سێ ساڵ لە سوید ناوت تۆمار کرابێت (Folkbokförd) دەتوانیت لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و هەرێمەکاندا دەنگ بدەیت.
- ئەگەر هاوڵاتی سوید بیت، دەتوانیت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان (Riksdag)، هەرێم (Region)و شارەوانیەکاندا (Kommun) دەنگ بدەیت.

# RÖSTA 13 SEPT

## لە ڕۆژی هەڵبژاردن ١٣ ی ئەیلوول (سێپتەمبەر) دەنگ بدە!

**ئەم شتانە لەگەڵ خۆت بهێنە:**

- بەڵگەنامە، ناسنامە، بۆ نموونە کارتی ناسنامە یان پاسپۆرت. ئەگەر ناسنامەت پێ نەبوو، کەسێکی تر دەتوانیت ناسنامەکەت پشتڕاست بکاتەوە.
- کارتی دەنگدان (röstkort)، کە بۆ ناونیشانەکەت دەنێردرێت. ئەگەر کارتەکەشت پێ نەبوو، دەتوانیت لە بنکەی دەنگدانەکە هاوکاری وەربگرێت.
- لەسەر کارتی دەنگدانەکەت ناونیشانی بنکەی دەنگدانەکەت نووسراوە. ئەگەر کارتەکەت نییە، یان دڵنیا نیت سەر بە کام ناوچەی دەنگدانێیت، پەیوەندی بکە بە ژمارە ٠٣١٣٦٥٠٠٠٠ یان بچۆ بۆ نزیکترین بنکەی دەنگدان و هاوکاری دەکرێت.

www.val.se

**دەنگی خۆت**
**بگەیەنە!**

پڕۆژەی RÖSTA هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی بێلایەنە لەلایەن ABF Väst.ئامانجی ئەم پڕۆژەیە بەهێزکردنی دیموکراتییە لەو شارەوانیانەی کە ABF Väst لێیان چالاکە، ئەمەش لە ڕێگەی چالاکی جۆراوجۆرەوە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەشداری و زانیاری دەربارەی هەڵبژاردنی ٢٠٢٦. ئەم پڕۆژەیە پێشتر لە ساڵانی 2018 و 2022  ئەنجام دراوە.

Hyresgästföreningen

ABF

## کێ مافی دەنگدانی هەیە ؟

**بۆ پەرلەمان Riksdag :**

- تۆ کە تەمەنت گەیشتوەتە ١٨ ساڵ و هاوڵاتی سویدیت

**بۆ ئەنجومەنی شارەوانی Kommun و هەرێمەکان Region**

- تۆ کە تەمەنت گەیشتۆتە ١٨ ساڵ
- پێویست ناکات هاوڵاتی سویدی بیت بۆ ئەوەی دەنگ بدەیت، پێویستە کە تا پێش ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ دابڕان لە سوید ناوت تۆمار کرابێت Folkbokförd.

## چۆن دەنگ دەدەیت؟

- ئەگەر مافی دەنگدانت لە هەر سێ هەڵبژاردنەکەدا هەبێت ، سێ زەرفی دەنگدانت پێدەدرێت
- ئەگەر هاووڵاتی سویدی نەبیت، دەتوانیت لە دوو هەڵبژاردن دەنگ بدەیت و دوو زەرفی دەنگدانت پێدەدرێت.
- کارتی دەنگدانی هەموو پارتەکان لە بنگەی دەنگداندا هەیە، زەرد بۆ پەرلەمان ، شین بۆ هەرێم ، سپی بۆ شارەوانی
- ئەو کارتە هەڵدەبژێریت کە دەتەوێت، دەتوانیت نیشانەی ( X ) لەبەردەم ناوی کاندیدێک دابنێیت، بەڵام ناچار نیت کە ئەوە بکەیت.
- هەر کارتێکی دەنگدان بخەرە ناو زەرفێکەوە بێ ئەوەی قەد ( تا ) بکرێت.
- بە زەرفەکان ناسنامەکەتەوە دەچیتە لای بەرپرسی وەرگرتنی دەنگەکان ، ناوت لە لیستەکەدا نیشانە دەکرێت و بەرپرسەکە زەرفەکان دەخاتە ناو سندوقی دەنگدانەوە.

## دیموکراسی لە سوید چۆن کار دەکات.

**سوید دیموکراسییەکی نوێنەرایەتیە، ئەمەش واتە خەڵک لە هەڵبژاردنی ئازاددا سیاسەتییەکان هەڵدەبژێرن.**

**ئێمە دەنگ بەو پارت و کەسانە دەدەین کە بڕیار لەسەر کاروباری وڵات، هەرێم و شارەوانی دەدەن.**

**پرۆسەکە چۆنە:**

- ئێمە دەنگ دەدەین کام پارت لە پەرلەماندا دابنیشێت.
- پێویستە پارتێک زیاتر لە ٤٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێت بۆ چوونە ناو پەرلەمانەوە
- ئەو پارتانەی زۆرترین دەنگ دەهێنن دەتوانن حکومەت پێکبهێنن.
- حکومەت وڵات بەڕێوەدەبات و ئەو وەزیرانە هەڵدەبژێرێت کە لە گرووپی جیاوازدا (وەزارەتەکان) کار دەکەن.
- وەزارەتەکان کار لەسەر بوارە جیاوازەکان دەکەن، بۆ نموونە قوتابخانە یان تەندروستی.
- هەروەها بەرپرسیارن لە فەرمانگەکان، بۆ نموونە فەرمانگەی کار (Arbetsförmedlingen) و فەرمانگەی کۆچ (Migrationsverket).،
- ئێمە چوار ساڵ جارێک بۆ پەرلەمان، هەرێمەکان و شارەوانییەکان دەنگ دەدەین.

## پێشوەخت دەنگ بدە!

- دەتوانیت لە ٢٦ ی ئابەوە (ئوگوستی) دەنگدانی پێشوەخت ئەنجام بدەیت.
- دەتوانیت لە هەموو بنکەکانی دەنگدانی پێشوەختە لە سەرانسەری وڵاتدا دەنگ بدەیت.

## لە ڕۆژی هەڵبژاردن، ١٣ی ئەیلوول ( سیپتەمبەر )دەنگ بدە!

- لەسەر کارتی دەنگدانەکەت (röstkort) ناونیشانی بنکەی دەنگدانەکەت نووسراوە. ئەگەر کارتەکەت نەبێت یان دڵنیایت نەبێت سەر بە کام ناوچەی دەنگدانیت، پەیوەندی بکە بە ژمارە ٠٣١٦٥٠٠٠٠ یان بچۆ بۆ نزیکترین بنکەی دەنگدان و هاوکاری وەربگرە.